بەش: سیستەمە سیاسییەکان وسیاسەتی گشتی

کۆلێژ : زانستە سیاسییەکان

زانکۆ : زانکۆی سەلاحەدین

بابەت : پارتە سیاسییەکان

# پەرتووکی کۆرس – قۆناغی سێیەم / سیستەمی ساڵانە

ناوی مامۆستا : د. موفق عادل عمر

ساڵی خوێندن: ( 2020/ 2021 )

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | بابەتی پارتە سیاسییەکان/کۆرسی یەکەم ودووەم |
| 2. ناوی مامۆستای بەرپرس | د. موفق عادل عمر |
| 3. بەش/ کۆلێژ | بەشی سیستەمە سیاسییەکان وسیاسەتی گشتی/ کۆلێژی زانستەسیاسییەکان |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: muwafaq.omar@su.edu.krd |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | ( 2 ) دوو کاتژمێر |
| 6. ژمارەی کارکردن | |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | د. موفق عادل عمر<br><br>بەکالۆریۆس لە پەیوەندییە نێودەولەتییەکان لە زانکۆی غازی لە وولاتی توركیا. ماستەر و دکتۆرای لە پەیوەندییە نێودەولەتییەکان لە زانکۆی غازی لە ئەنقەرە بە دەست هێناوە، مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان وسیاسەتی گشتی لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین، پێشتر كاری كردووە وەك وانەبێژ لە چەندین زانكۆ. بەشداری چەندین کۆڕو سیمینارو کونفراس کردووە وەك پێشكەشكەرو ئامەدەبوو لەناوەوەو دەرەوەی وولآت. |
| 9. وشە سەرەکیەکان | پارتی سیاسی، توخمەکانی پارتی سیاسی، بەشداری سیاسی، سیستەمی حیزبی، هاوپەیمانی حیزبی، پێکهاتەی ناوەخۆیی پارتی سیاسی. |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

بابەتی پارتە سیاسییەکان یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگ و پێویست بۆ قوتابیانی قۆناغی سێ یەمی زانستە سیاسییەکان، چونکە پێش هەموو شتێك پارتی سیاسی راستەوخۆ پەیوەندی بە چەمکی دیموکراسیەوە هەیە و تا رادەیەك بویتە پەیۆەرێك بۆ چەمكی دیموكراسی لە سیستەمی سیاسی هەر ولاتێكیدا. لە رێگەی ئەم بابەتەوە هەول دەدرێ تیشك بخریتە سەر چەمكی پارتی سیاسی وشیكردنەوەی بە شێوازێكی زانستی. بابەتی پارتە سیاسییەکان هەلدەستێت بە کاری لێکۆلێنەوە لە ئەرك و دەركەوتن و سەرهەلەدان و پێكهاتە

وتوخمەکانی پارتی سیاسی. لایەنی تیوری پارتە سیاسییەکان بابەتێکی تری لێکۆڵینەوەی پارتە سیاسییەکانە و لە بەشێکی تری بابەتەکە و بە مەبەستی زیاتر روونکردەوەی بابەتەکە بۆ قوتابیان، چەندین نمونەی جیاواز لە پارتی سیاسی دیراسە دەکرێت.

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

1. زانیاری:- ئاشناکردنی قوتابیان بە بابەتەکانی چەمکی پارتی سیاسی، دەرکەوتن و سەرهەلدانی پارتی سیاسی، توخمەکانی و ئەرکەکانی پارتی سیاسی، ئەو تیۆرانە کە شیکاری سەرهەڵدانی پارتە سیاسییەکان لە جیهانی سێ یەم دەکەن، ئەندامیەتی لە ناو پارتی سیاسی، پێکهاتەی ناوەخۆیی پارتە سیاسییەکان، سەرکردایەتی پارتی سیاسی، سیستەمی حیزبی، هاوپەیمانی حیزبی، چاکسازی پارتە سیاسییەکان، نموونەکانی پارتە سیاسییەکان.

2. راهێنان:- راهێنانی قوتابی لەسەرشیکردنەوەی ئەرك و توخمەکان و خودی پارتە سیاسییەکان لە سیستەمەکانی دیموکراسی و دیکتاتۆریدا.

3. پەروەردە:- گۆرینی رەفتاری قوتابی و چۆنیەتی هەلسوکوتکردنی بەرانبەر بە پارتە سیاسییە ناوەخۆیی و دەرەکیەکان.

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

ئەرکی قوتابی لەم کۆرسە پێکدێت لە پابەند بوونی بە سیستەمی ئاوێتە بۆ خوێندنی بابەتەکە کە بریتیە لە شێوەی ئەلیکترۆنی و ئۆنلاین لە نیوەی ساڵی یەکەم و ئەگەر باری تەندروستی وەك ئێستا بەردەوام بوو، ئەوە لە نیوەی دووەمی ساڵی خوێندن لەم ساڵە دەبێتە شێوازی ئامادەبوون لە هۆڵەکانی خوێندا. هەروەها لە رێگەی بەکارهێنانی گوگل کلاس روم، کلاسی ئەلیکترۆنی بۆ قوتابیان دەکرێتەوە کە لە رێگەی ئەم کلاسەوە پەیوەندی نێوان مامۆستای بابەت و قوتابیانی سەبارەت بە بابەتەکە بەردەوام دەبێت بە بێ بچران و پێویستە قوتابی رۆژانە پێش وانە، بابەتە دیاریکراوەکان بخوێنیت تاکو بتوانێت بابەتەکە پێش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان کونترۆل بکات، ودەبێ قوتابی پابەند بێت بە شێوازی خوێندنی ئاوێتە و پێش تاقیکردنەوکان بابەتەکە بە ووردی بخوێنێت.

**13. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

لە رێگەی موحازەرە و گفتوگۆ و رێگەی (العصف الذهني) ، شێوازی وۆرك شۆپ ، بەگرووپ کردنی قوتابیان، مامۆستا بابەتەکە پێشکەش دەکات. سوود لە بەکارهێنانی داتاشۆ دەبینرێت بە مەبەستی نمایشکردنی کورتەی وانەکان لە کاتی تۆماری ڤیدیۆیی و ووتنەوەی وانەکان لە هۆڵدا. واتا وانەکان لە رێگای پێشکەشکردنی (سلایتی) پاوەرپوینت دەبێت کە مامۆستا وەك پوختەییەکی تێرو تەسەل ئامادەی کردووە، هەروەها لەکاتی نمایشکردنی سلایتەکان لە رێگەی داتاشۆ مامۆستا هەڵدەستێت بە بەکارهێنانی تەختەی سپی بۆ پێدانی

ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ ئەو بابەتانەی کە پێویستە ڕوونبکرێت، بە مەبەستی تێگەیشتنی بابەتەکە بە بێ کەم وکوری، قوتابیان دەتوانن سوود وەربگرن لە نمایشی سلایتەکان کە لە ڕێگەی داتاشۆ و ڕوونکردنەکان پێشکەشیان دەکرێت.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

بە درێژایی ئەم ساڵەی خوێندن، دوو تاقیکردنەوەی سەرەکی ئەنجام دەدرێت کە هەر یەکێکیان 15٪ نمرەی لەسەرە، هەروەها 10 ٪ نمرەکان لە ڕێگەی کویزی ڕۆژانە وچالاکی بەردەوامی قوتابی هەژمار دەکرێت بەم جۆرە تێکرای نمرەی کۆشش دەبێتە 40 نمرە. لە کوتایی ساڵی خوێندن تاقیکردنەوی کۆتایی بابەتەکە ئەنجام دەدرێت کە 60٪ نمرەی لەسەرە .

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

ئامانجی سەرەکی خویندنی ئەم بابەتە خۆی لەوەدا دەبینیتەوە کەوا هۆکارێکە بۆ ئاشناکردنی قوتابیانی بەشی زانستە سیاسییەکان بەگرنگی پارتە سیاسییەکان وەك ریکخراوێك کە کاریگەری دەخاتە سەر پرۆسەی سیاسی تا رادەیەکی زۆر سوودی لێوەردەگرن بە مەبەستی تیشك خستنەسەر پەیوەندی نیوان پارتە سیاسییەکان لەلایەك وکومەڵگا وسیستەمی سیاسی لەلایەکی ترەوە. وەهەروەها ئاشنادەبن بەو رێکار ورێسایانەی کەوا دەبنە هۆی دروستکردنی دیموکراسیەت وپەیوەندی لەگەل سیاسەتی گشتی. ناوەرۆکی ئەم کۆرسە زۆر گونجاوە لە گەل ئاستی زانستی قوتابیانی زانستە سیاسییەکان کە دەتوانن ئەم بابەتە فێربن وتێبگەن. بەم جۆرە قوتابی لە رێگەی ئەم کۆرسەوە فێری ئامانجە گشتی و سەرەکییەکانی پارتە سیاسییەکان دەبێت و دەگاتە ئاستێك کە دەتوانێ بە وردی لە خودی پارتی سیاسی تێبگات.

**16. لیستی سەرچاوە**

- سەرچاوە بنەڕەتیەکان


1. الأحزاب السياسية، موريس دفرجية، ترجمة على مقلد و عبد المحسن سعد، مطبوعات الهيئة العامة لقصور الثقافة، القاهرة، 2011.
2. الأحزاب السياسية، طارق علي الهاشمي، جامعة بغداد.
3. الأحزاب السياسية في العالم الثالث، إسماعيل الغزال حرب، سلسلة دار المعارف، 1987.
4. سەرهەلدان و بەردەوامی حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا، حوجەتولا ئەیوبی، وەرگیرانی ئازاد وەلەبدگی، دەزگای ئاراس، 2007.


- سەرچاوەی سوودبەخش


1. دور الأحزاب في التنشئة السياسية في إقليم كوردستان، صباح صبحي حيدر، رسالة ماجستير.

2. حزب و ڕێكخراوە سیاسیە عیراقیەكان (0191-0102)، ئەكادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی كادیران، سلیمانی، 3102.

3. حزبی سیاسی لە كۆمەڵگای سەردەم، عوسمان علی ویسی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 9002.

| 17. بابەتەكان | | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|---|
| | | د. موفق عادل عمر |
| یەكتر ناسین وپێشەكی لەسەر بابەتەكە | | هەفتەی یەكەم |
| چەمكی پارتی سیاسی | | هەفتەی دووەم |
| حیزب لە دیمووكراسیەتی ڕۆژئاوادا | | هەفتەی سێ یەم |
| حیزبی سیاسی لە وولاتانی جیهانی سێیەم | | هەفتەی چوارەم |
| پێناسەكردنی پارتە سیاسییەكان وپێوانەكانی | | هەفتەی پێنجەم |
| توخمەكانی پارتە سیاسییەكان | | هەفتەی شەشەم |
| دەركەوتن وسەرهەڵدانی پارتە سیاسییەكان | | هەفتەی حەفتەم |
| ئەركەكانی پارتە سیاسییەكان | | هەفتەی هەشتەم |
| ئەو تیۆرانەی كە شیكاری سەرهەلدانی پارتە سیاسییەكان لە جیهانی سێیەم دەكەن | | هەفتەی نۆیەم |
| پێكهاتەی ناوەخۆیی پارتە سیاسییەكان یەكە سەرەكیەكانی پارتی سیاسی | | هەفتەی دەیەم |

| | | |
|---|---|---|
| پەیوەندی نێوان یەکە سەرەکیەکانی پارتی سیاسی | | هەفتەی پانزەم |
| هەڵسەنگاندنی بابەتی مەرکەزیەت ونامەرکەزیەت | | هەفتەی دوانزەم |
| ئەندامیەتی لەناو پارتی سیاسی | | هەفتەی سێنزدەم |
| تاقی کردنەوە | | هەفتەی چواردەم |
| تاقی کردنەوە | | هەفتەی پازدەم |
| سەرکردایەتی پارتی سیاسیەکان | | هەفتەی شازدەم |
| سیستەمی حزبی | | هەفتەی حەفتدەم |
| هاوپەیمانی حیزبی | | هەفتەی هەژدەم |
| چاکسازی پارتە سیاسیەکان یەکەم: پارتی سیاسی ودامەزراویەکان | | هەفتەی نۆزدەم |
| دووەم:- دیموکراسیەت لەناو پارتە سیاسییەکان | | هەفتەی بیستەم |
| سێ یەم:-پێداویستیەکانی چاکسازی پارتە سیاسیەکان | | هەفتەی بیست و یەکەم |
| چوارەم:- جۆرەکان وئالیەتەکانی چاکسازی پارتەکان | | هەفتەی بیست و دووەم |
| نموونەکانی پارتە سیاسییەکان (پارتی دیموکراتی ئەمریکا) | | هەفتەی بیست و سێ |

| | | |
|---|---|---|
| **پارتی کۆماری ئەمریکا** | | **هەفتەی بیست وچوار** |
| **پارتی دادو گەشەپێدان** | | **هەفتەی بیست و پێنج** |
| **ئیخوان موسلمین** | | **هەفتەی بیست و شەش** |
| **پارتی نەهزە** | | **هەفتەی بیست و حەوت** |
| **پارتی پاریزگارانی بەریتانیا+ پارتی کرێکارانی بەریتانیا** | | **هەفتەی بیست و هەشت** |
| **پارتی نازی ئەلمانیا + پارتی فاشی ئیتالیا** | | **هەفتەی بیست ونۆ** |
| **پارتەکانی کوردستان (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو)** | | **هەفتەی سی** |
| **تاقی کردنەوە** | | **هەفتەی سی و یەك** |
| **تاقی کردنەوە** | | **هەفتەی سی و دوو** |
| 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | | |
| | | |

**19. تاقیکردنەوەکان**

**پ. جیاوازی لە نێوان ئەمانەی خوارەوە بنوسە:**

1. پەیوەندی بەهێز ولاواز

2. پەیوەندی ستونی وئاسۆیی

3. پەیوەندی مەرکەزی ولامەرکەزی

**پ. بنەماکانی دروستبوون وسەرهەلدانی پارتە سیاسییەکان لە ولاتانی جیهانی سێیەم چین؟**

| |
|---|
| **پ. بە کورتی باس لە پێداویستییەکانی چاکسازی پارتە سیاسییەکان بکە.** |
| **20. تێبینی تر**<br>**پێویستە لەسەر قوتابیە بەرێزەکان زیاتر گرنگی بەم بابەتە بدەن و هەوڵدەن بە باشترین شێوە ئەم بابەتە تێبگەن و سەرچاوە دیاریکراوەکان بخوێنن و گرنگی بە لایەنە پراکتیکیەکان بدەن و بۆ ئەم مەبەستەیش پێویستە سەردانی پارتە سیاسییەکانی کوردستان بکرێت تاکو بتوانرێت لە نزیکەوە و بە پراکتیکی بابەتەکان ببینن.** |
| **21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**<br>**ناوەرۆکی ئەم کورس بووکە زۆر گونجاوەو روون و ئاشکرایەوە وە هەموو بابەتەکانی پارتە سیاسییەکان لەخۆ دەگرێت، هەروەها مامۆستا بابەت هەوڵی داوە بەشێوەیەکی رێك وپێك ئامانج و ناوەرۆك و ئەرکی قوتابی و دەرئەنجامەکانی فیربوون و سیستەمی هەڵسەنگاندنی قوتابی روون بکات. ناوەرەوکی کورسەکە گونجاوە لەگەل ئاستی زانستی قوتابیان و لەگەل پێداویستیەکان کۆمەلگا گونجاوە.** |